
# وەڵامێک بۆ درۆکانی نزار خەزرەجی.



دەرسیم دیبەگەیی

نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ ئەلئەنساری ئەلخەزرەجی، سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئێراق (میلیشیای سەدام و بەعس) لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەوان (غەسان شربل)دا، کۆمەڵێک درۆی شاخداری کردووە. دەقی دیمانەکە لە لاپەڕەکانی (173-242)ی پەرتووکی (العراق من حرب إلی حرب صدام مر من هنا)ی غەسان شربل-دا بڵاوکراوەتەوەو، لە دیمانەکەدا هەرچی پەیوەندی هەبووە بە کورد، کیمیاباران و ئەنفال لەلایەن رۆژنامەی رووداو وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی و لە لاپەڕە (9)ی ژمارە (123)ی رۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی (26.7.2010)دا لەژێر ناوی (نزار خەزرەجی، سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق لە سەردەمی سەدام دا)، بڵاوکراوەتەوە.

سەبارەت بە لێدانی شارۆچکەی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا لە لایەن هێزەکانی ئێراقەوە، نزار خەزرەجی دەڵێت: (<u>کاتێک سەدام فەرمانیدا کە گورزێکی تایبەت لە هەڵەبجە بدرێ، لەکاتی لێدانەکەدا هەڵەبجە هێشتا نەکەوتبووە دەست ئێرانییەکان. فەرماندەی ئەو تیپەی بەرپرسیارێتی سەربازی لە دەستدابوو، ئاگاداری ئەو لێدانە نەبوو، هەروەها نە فەرماندەی فەیلەق و نە من (سەرۆکی ئەرکان) و نە وەزیری بەرگری، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان فەریق روکنی یەکەم عەدنان خەیروڵلا ئاگاداری ئەو گورزە نەبووین</u>).

هەروەها نزار خەزرەجی، سەبارەت بە شاڵاوی ئەنفالەکان دەڵێت: (<u>هێرشەکانی ئەنفال کە دژی خەڵکی سیڤیل بوو، نە لە دوور و نە لە نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکم پێوە نەبوو</u>).

لێرەدا زۆر بەکورتی وەڵامی درۆکانی نزار خەزرەجی دۆستی سەرکردە کوردەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان) دەدەمەوە. سەبارەت بە بەشداری ئەو لە هێرش کردنە سەر شاری هەڵەبجە ئاماژە بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆکی ئەرکانی سوپا (نووسینگەی نزار خەزرەجی) دەدەم کە بە ژمارە (153) لە ڕێکەوتی (16.3.1988)دا بەواژۆی نزار خەزرەجی ئاراستەی سەرکردایەتی فەیلەقی یەک کراوە. نووسراوەکەی نزار خەزرەجی بۆ فەیلەقی یەک بریتییە لە ڕێنمایی و هەشت خاڵی لەخۆ گرتووە کە هەر هەموویان ڕێوشوێنی پلانی گرتنەوەو پاراستنی شاری هەڵەبجەیە (دەقی نووسراوەکە هاوپێچ کراوە و دەتوانی بیخوێنیتەوە). کەواتە بەگوێرەی نووسراوە فەرمییەکەی خۆی نزار خەزرەجی پلان دانەری شەڕ و هێرشکردنە سەر شاری هەڵەبجە بووە.

سەبارەت بە وەڵامی درۆی دووەمی نزار خەزرەجی کە گوایە هیچ پەیوەندییەکی نەبووە بە شاڵاوی ئەنفالەکان، دوو وەڵامم هەیە. یەکەمیان: ئاماژە بە رۆژنامەی (Politiken - پۆلیتیکن)ی دانیمارکی دەدەم، کە لە دوو ژمارەی رۆژانی (یەکشەممە، ڕێکەوتی 6.10.2002، ل3) و رۆژی (پێنجشەممە، ڕێکەوتی 27.3.2003، ل8)دا باسی ئەوەی کردووە کە نزار خەزرەجی سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای سەدام لە رۆژی (3.7.1999)دا دوای هاتنی بۆ دانیمارک، لە یەکەم چاوپێکەوتنیدا داوای وەرگرتنی مافی پەناهەندێتی لە دانیمارک کردووەو بە دەسەڵاتدارانی دانیمارکی راگەیاندووە کە: (ئەو بەشداری شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە. لە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکەیدا هاتووە: داواکاری پەناهەندەیی (واتە نزار خەزرەجی – دەرسیم) سەرکردەی شاڵاوی ئەنفالەکان بووە لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان – دەرسیم)، کە دەبوایە دوای هەفتەیەک لە دانانی نەخشەی ئەنفالەکان ناوچەکە پاک بکرێتەوە، بەڵام ئەوکارە لەماوەی چوار رۆژدا جێبەجێ کراوە. بەگوێرەی قسەکانی نزار خەزرەجی هێزەکانی ئێراق لە حەفتاو پێنج قۆڵەوە لە تەواوی باکووری ئێراق (باشووری کوردستان) پەلامارەکانیان بە فەرماندەیی خۆی (خەزرەجی) دەستیپێکردووە. خەڵکێکی زۆر لە ترسی هێرشەکانی هێزەکانی ئێراق رایکردووە. هەروەها خەزرەجی باسی ئەوەیکردووە کە ئەو رۆڵی سەرەکی هەبووە لە پەلاماردانی کوردەکان لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان) لە ساڵی 1988).

دووەمیان: نزار خەزرەجی سەرۆک ئەرکانی میلیشیای سەدام، بەپێی نووسراوی ژمارە (1122) بەرواری (21.8.1988)دا کە لەژێرناوی (ڕێنماییەکان)دا لە نووسینگەی خۆیدا (نووسینگەی خەزرەجی) دەرچووەو، بریتییە لە (13) خاڵ و بۆ فەرماندەکانی هەردوو فەیلەقی یەک و پێنجی ناردووە، لە خاڵی یەکەمدا دەڵێت: (دەبێت دەستنیشانی کۆمەڵگاکانی پڕ لە دانیشتوان بکرێت لە ناوچەکانی فەیلەقی یەک و، بە تەقەمەنی تایبەتی چڕوپڕ (ضربات خاصة مكثفة) بە (48) کاتژمێر بەر لە دەستپێکردنی هێرشەکەدا لێیان بدرێت، بۆئەوەی ترس و تۆقینێکی وا لەڕیزی دانیشتواندا بڵاوبێتەوە تاوەکو ڕێگربێت لەوەی کە پاڵپشتی و هاوکاری تێکدەران (هێزی شۆڕشگێڕی پێشمەرگەی کوردستان) بکەن). هەروەها لە خاڵی چوارەمدا دەڵێت: (ئەو هەلەی کە ئێستا هاتۆتە پێش بۆ لەناوبردنی کاری

تێکدەری (چالاکی شۆڕشگێڕانە) لەناوچەی باکوور (باشووری کوردستان)دا، باشترین هەلەو لە داهاتوودا لەو جۆرەمان بۆ ڕێکناکەوێت ئەگەر لەگەڵ دوژمن بگەینە ئاشتی یان نەگەین). خەزرەجی لە خاڵەکانی هەشت و یازدەدا بەمشێوەیە ڕێنمایی هەردوو فەرماندەکانی فەیلەقەکانی یەک و پێنج دەکات: (بەکارنەهێنانی بەتالیۆنی (جاشەکان) لەهەمان ناوچەی هۆزەکانی خۆیاندا بۆ ڕێگەگرتن لە هاوکاریکردنیان لەگەڵ دانیشتوانی دێهاتەکاندا. ڕێگەی پاداشت و لێپرسینەوە لەگەڵ جاشەکان بەکاربێنن و، هەر سەرۆک جاشێکیش ئەگەر دوودڵ بوو لە جێبەجێکردنی کارەکان جیایکەنەوە). بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە کە لە نووسینگەی خەزرەجی و بە واژۆی ئەو دەرچووە، بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نەک تەنیا بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر بە دانیشتوانی سیڤیلی دێهاتەکان لەلایەن ئەو تاوانبارو ئەنفالچییە دەرچووە! هەروەکو نزار خەزرەجی لەو دیمانەیەی کە ڕۆژنامەی ڕووداو کردوویەتی بە کوردی خەزرەجی دەڵێت: (<u>هێرشەکانی ئەنفال کە دژی خەڵکی سیڤیل بوو</u>)، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە نزار خەزرەجی فەرمانی بەکارهێنانی تەقەمەنی تایبەتی چڕوپڕ (چەکی کیمیاوی) لەدژی خەڵکی سیڤیل (مەدەنی) داوەو، لەهەمان کاتدا ئەو درۆیەشی ئاشکرا دەبێت کە دەڵێت: (بەکارهێنانی ئەو چەکە (چەکی کیمیاوی) خرابووە خانەی گورزە تایبەتییەکانەوە (الضربات الخاصة). فەرمانی بەکارهێنانی ئەو چەکە تەنیا لە دەست فەرماندەیی گشتیدا بوو (واتە لە دەست سەدام حوسێن)دا بوو). ئەی ئەوە نییە بەگوێرەی نووسراوی خۆی بە ژمارە (1122) لە ڕێکەوتی (21.8.1988)دا بۆ هەریەک لە فەیلەقەکانی یەک و پێنج، نزار خەزرەجی بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی داوە! کەواتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە تەنیا لە دەست سەدام حوسێن بە درۆ دەرچوو، چونکە نزار خەزرەجیش بڕیاری بەکارهێنانی داوە!

هەروەها یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی پێنەدانی مافی پەناهەندێتی لە دانیمارک بە نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی، بەگوێرەی وەڵامی فەرمانگەی پەناهەندانی دانیمارکی لە ڕێکەوتی (2.7.2001)دا کە ڕاستاندن (تصدیق)ی لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی بێگانەکان کردووە، کە ئەوان پێشتر لە ڕێکەوتی (28.2.2001)دا داواکارییەکەی نزار خەزرەجییان گەڕاندۆتە دواوە سەبارەت بەوەی کە مافی پەناهەندێتی لە دانیمارک بدەنێ. بەگوێرەی وەڵامی ئەنجومەنی ناوبراو لە سەرەوەدا، ئەنجومەنی پەناهەندانی دانیمارکی پشتی بەستووە بەو زانیارییانەی کە سەرۆک ئەرکانی پێشووی ئێراق (نزار خەزرەجی) لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا داویەتی بە دەسەڵاتدارانی هەڵسەنگاندن و پێدانی مافی پەناهەندێتی لە دانیمارک بەو کەسانەی کە داوای ئەو مافە دەکەن. هەروەها بڕیاری ئەنجومەنی پەناهەندان پشتی بەستووە بەوەی کە سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپا نزار عەبدولکەریم خەزرەجی، خۆی باسی ئەوەی کردووە کە هێزی چەکداری سوپای ئامادەکردووە بۆ زنجیرەیەک پەلاماری یەک لەدوای یەک بۆ سەر خەڵکی سیڤیل (مەدەنی) گوندنشینی بێتاوانی کورد لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان). هەروەها دەسەڵاتدارانی دانیمارکی پێیان وابووە کە خەزرەجی بەشداری تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی کردووە، هەروەها ڕۆڵی سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی شاڵاوی ئەنفالەکانی کردووە لەدژی سیڤیلە کوردەکان لە ساڵی (1988)دا لە باکووری ئێراق (باشووری کوردستان)دا، بۆیە داواکارییەکەی سەبارەت بە پێدانی مافی پەناهەندێتی بەرپەرچ دراوەتەوە.



الجمهورية العراقية

( سيظل الشهداء أكرم منا جميعاً )

سري للغاية وشخصي

وزارة الدفاع
رئاسة أركان الجيش
( مكتب رئيس أركان الجيش )
الرقم / د ١ ع / ١١٢٢
التاريخ ٢١/٨/١٩٨٨

ع/١٣
١٥٧٦
٨٨/٨/٢١

الى / قائد الفيلق الاول
قائد الفيلق الخامس

الموضوع / توجيهات

اللقاء الذي جرى معكم في مقر الفيلق الاول في كركوك يوم ٢٠ آب ٨٨ بحضور معاون رئيس أركان الجيش للعمليات ومدير الحركات العسكرية وطيران الجيش لمناقشة خطط عمليات الأنفال المقبلة نسجل ما يلي :

١. يجري تحديد التجمعات السكانية في قاطع عملكم وتعالج بالضربات الخاصة المكثفة قبل الشروع بالتنفيذ بـ (٤٨) ساعة لخلق حالة الذعر في صفوفهم ومنعهم من التعاون مع المخربين مع متابعة تنقلهم ضمن المنطقة مع ضرورة الحذر الشديد من ضرب القرى السكنية المتاخمة للحدود العراقية - التركية

٢. يجري التنسيق بشكل جيد مع الجانب التركي وفق بروتوكول التعاون المرتبط معهم بصدد مطاردة المخربين في قاطع عملكم

٣. التأكيد على انجاز عمليات قطع المخربين عن الحدود الدولية والحد منها مع الجانب التركي قبل المباشرة بالعمل الرئيسي لعمليات الانفال .

٤. ان الفرصة الحالية للقضاء على المخربين في المنطقة الشمالية هي افضل الفرص وربما لا تتكرر مثلها في المستقبل سواء تم تحقيق السلام مع العدو او لم يتحقق عليه يجب ان تكون هنالك تطهير شامل للمخربين في المنطقة الشمالية ومن المتوقع انجاز ذلك قبل حدوث اي توتر مع العدو الايراني في حالة تعثر محادثات السلام .

( ١ - ٣ )

دائرة العمليات

مديرية التخطيط

سري للغاية وشخصي

٥ . ينبغي مسك كافة المفاصل ونقاط الاتصال بين المناطق التي يتمركز بها المخربين خلال عمليات التطهير وعدم تركها في حالة تقدم الأرتال نحوهم .

٦ . تقوم مديرية الاستخبارات العسكرية العامة وهيئات الاستخبارات في الفيالق بمتابعة ردود فعل المخربين وتأثير العمليات عليهم خلال تنفيذ العمليات لإمكان توجيه ضربات تورية إليهم وعدم التقاط أنفاسهم .

٧ . التخطيط لعمليات الإنزال بالسمتيات وبشكل جريء في مرحلة مقدمة تنفيذ العمليات ويتم إنزال جزء من فوج دفاع وطني والقسم المتبقي يواصل التقدم على المحاور لإمكان الاتصال مع القوتين بمرحلة لاحقة .

٨ . عدم استخدام أفواج الدفاع الوطني في نفس مناطق عشائرهم لمنع التواطؤ مع سكان القرى .

ينبغي أن تكون هناك مرونة في اتجاهات عمل الأرتال لإمكان الوصول إلى الأهداف بأسرع ما يمكن .

٩ . عدم المطالبة بالاحتياطات للعمليات التي ستنفذ وإنما يجري تأمينها من نفس قطعات التنفيذ حيث بعد تطهير القسم الأكبر من المناطق سيتم توفير احتياط كافي .

١٠ . عدم الاشتباك في حالة التأثير على طرق الإمدادات من قبل المخربين .

(٢ - ٣)

سري للغاية وشخصي

دائرة العمليات
مديرية التخطيط

**سري للغاية وشخصي**

١١. في مناطق الحدود العراقية - التركية عدم التوغل في الأراضي التركية لحين أجراء التنسيق مع الجانب التركي .
أستخدام أسلوب الثواب والحساب مع أفواج الدفاع الوطني وعزله أي مستشار في حالة تردده .

١٢. تجمع نشرة ٢٤ طائرة نقل لأغراض العمليات بعد مرور (٣) أيام أعتباراً من يوم ٢٠ آب ٨٨ .

١٣. يجري أعتماد تلك القطعات لأغراض المسلح للنشاطات الحالية ويجرد الباقي لأغراض عمليات الأنفال .
يوم (ع) لعمليات الأنفال هو ٢٥ آب ٨٨ وفي حالة تعديله فسيكون أقصى موعد هو ٢٧ آب ٨٨ .

نرجو أتخاذ ما يلزم

الفريق الركن
نزار عبد الكريم فيصل
رئيس أركان الجيش

٤/٨

نسخة إلى /
أمانة سر القيادة العامة للقوات المسلحة
ديوان وزارة الدفاع
دائرة العمليات
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة . نرجو أتخاذ ما يلزم لحصر المارقين (٢ و ٦) وبالتنسيق مع قيادة [illegible]

(٣ - ٣٠)
سري للغاية وشخصي

السيد مدير العام
يرجى التنفيذ / ٢ [illegible]
[illegible]
السيد [illegible] حفظه الله

٢٦/٨

darsim2006@hotmail.com
ماڵپەڕی دەرسیم دیبەگەیی